مەسرور بارزانی: خوازیاری باشترین پەیوەندین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، "ئێمە خوازیاری ئەوەین باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافە دەستوریيەکان و قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بەشە بودجەی تایبەت بە هەرێم لە بودجەی عێراق".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، ئەمڕۆ سێشەممە مەسرور بارزانی پێشوازی لە پاتریك دەرڵ باڵیۆزی فڕەنسا لە عێراق کرد، لە دیدارەکەدا کە یان برێم، کونسوڵی گشتیی فڕەنسا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بو، دۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ تاوتوێ کرا.
لەدیدارەکەدا، مەسرور بارزانی رایگەیاندوە، "ئێمە خوازیاری ئەوەین باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافە دەستوریيەکان و قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بەشە بودجەی تایبەت بە هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا".

وتیشی، "هیوادارین ککەوتنی ئەم دواییەی هەنارده‌کردنەوەی نەوتی هەرەمی کوردستان، ببەتە خشکەر بە چارەسەرکردنی کشەکانی نێوان هەردولا".

بایەزی فەنسا دەستخشی پڕۆژە چاکسازییەکانی لە سەرکی حکومەت کرد و ستایشی گرنگیدانی حکومەتی هەرەمی کوردستانی بە ئەنجامدانی پڕۆژەی تایبەت بە ژینگەپارزی کرد، هەروەها باسی لە سەردانی چاوەڕوانکراوی ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆك کۆماری فەنسای بۆ عێراق و هەرەمی کوردستان لە مانگی (کانونی یەکەم/12)ی ئەمساڵدا کرد.

لە بەشکی دیکەی دیدارەکەدا، بیروڕا لەبارەی هەوڵ و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرەم و پرسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاوگۆ کرا.